**کارکردن لە یۆنان**

دەتوانیت بە یاسایی کاربکەیت لە یۆنان هەرکاتێك بویت بە خاوەنی کارتی ناو تۆمارکردنی خۆت. کارتی ناو تۆمارکردنت ئەوەیە کە دوای پەنجە مۆرکردنت وەری دەگریت.

بۆ ئەوەی کاربکەیت لە یۆنان، مۆڵەتی کارکردنت پێویست نیە. کارتی ناوتۆمارکردنت  دەوری مۆڵەتی کارکردن دەبینێت.  هەرچەندە سەرەتا دەبێت بە چەند قۆناغێکدا بڕۆیت، کە پێویستە بۆ  هەر کەسێك بە هاونیشتیمانانی یۆنانیشەوە کە دەیەوێت کاربکات لە یۆنان.

ژمارەی AFM___ AFM هکە  ژمارەی باجە

دەبێت بڕۆیت بۆ نوسینگەیەکی باجی ناوخۆ وەك ( ئیفۆریا یان دۆی) ی کێپی (ناوەندی خزمەتگوزاری کڕیار) بۆ بە دەستخستنی ژمارەی ئەی ئێف ئێمەکەت (ئەی ئێف ئێم). ئەم نوسینگانە لە دەوروبەی ئەسینا و شوێنی تر لە یۆنان هەیە.

http://www.e-gif.gov.gr/portal/page/portal/ermis/KepIndex

http://livingingreece.gr/2007/05/25/doy-eforia-tax-offices-greece/

پێویستت بە بەڵێنی دیدەنی نیە. نوسینگەکان دەبێت لە کاتژمێر ٧:٣٠ بۆ ١٤:٣٠ کراوەبن. کارتی ناو تۆمارکردنەکەت لەگەڵ خۆت بەرە. لەوانەیە بۆ یەك کاتژمێر بۆ ژمارەکەت چاوەڕێ بکەیت. لەم کاتەدا، یۆنان  خزمەتگوزاری هێڵی ئێنتەرنێت بۆ ئەم مەبەستە بەردەست ناخات.

ژمارەی ئەمکا—ئەمکا ژمارەی سۆشیال سکیوریتیتە.

دەبێت بچیتە نوسینگەیەکی ئای کەی ئەی  :You must go to an IKA office

یاخود نوسینگەیەکی کێپ or a KEP office http://livingingreece.gr/2007/07/24/ika-offices-greece/

http://www.e-gif.gov.gr/portal/page/portal/ermis/KepIndex.

زۆربەی نوسینگەکانی ئای کەی ئەی لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەکرێتەوە و لە کاتژمێر ١٥:٠٠ دادەخرێت. پێویستت بە بەڵێنی دیدەنی نیە. ڕەنگە بۆ کاتژمێرێك چاوەڕێ بکەیت تاوەکو ژمارەکەت وە دەست دەخەیت. ژمارەی ئەی ئێف ئێم و کارتی ناو تۆمارکردنت لەگەڵ خۆت بەرە.  لەم کاتەدا، یۆنان  خزمەتگوزاری هێڵی ئێنتەرنێت بۆ ئەم مەبەستە بەردەست ناخات.

ژمارەی ئیکا— پاش ئەوەی دامەزرای بۆ ئیشکردن بەڵام پێش یەکەم ڕۆژی ئیشکردنت، دەبێت ژمارەی ئیکا بەدەست بهێنیت. بۆ بەردەست خستنی ژمارەی ئیکا، دەبێت بۆ نوسینگەیەکی ئیکا بچیت.

پێویستت بە بەڵێنی دیدەنی نیە. کارتی ناو تۆمارکردن و نامەی پێدانی ئیشەکەت لەگەڵ خۆت بهێنە. لەم کاتەدا، یۆنان خزمەتگوزاری هێڵی ئێنتەرنێت بۆ ئەم مەبەستە بەردەست ناخات.

حیسابی بانکی

لەوانەیە پێویست نەکات حیساباتی بانکی لە یۆنان بکەیتەوە تاوەکو دامەزراندنت لە ئیشێك. دوای دامەزراندنت، دەبێت حیسابێکی بانکیت هەبێت بۆ دانانی پارە لە لایەن خاوەنکارەکەتەوە. دوای ئەوەی کە کارەکەت وەرگرت، کارتی ناو تۆمارکردنت و زانیاری گواستنەوەی بانکی خاوەنکارەکەت ببە بۆ ئەو بانکەی کە دەتەوێت حیسابی بانکی تێدا بکەیتەوە. خاوەنکارەکەت دەتوانێت لەم بارەوە ئامۆژگاریت بکا.

**بەختێکی باش لە گەڕانت بە دوای ئیشدا**